Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.04 01:09:53 +01'00'

# دیسانەوە تیرۆر و تۆقاندن
# هەڕەشە لە بیری کوردی و دیمۆکراتییەت ئەکات

**جەماوەری نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان**

**نووسەران، رۆشنبیران و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان**

وەك ئەزانین دیسانەوە دەستی ناحەزی دوژمنانی کوردستان بە خوێنی گەشی رۆڵەکانی گەلەکەمان سوور بوو و کارەساتێکی تری لە مێژووی پڕ لە قوربانیی وڵاتەکەمان تۆمار کرد. دیسانەوە پەڵە رەشەکانی پاشڤەڕۆیی و کۆنەپەرستی ئاسمانی سەرفرازی و سەربەرزیی نیشتمانەکەمانی داگیر کرد و خەمێکی قورسی نەتەوەیی لە هەرهەموو کوردستان دروست کرد.

رووداوە تیرۆریستییەکەی رۆژی یەکشەممەی شاری هەولێر کە دژ بە هەردوو لقی دووی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەیەك کاتدا بەڕێوە چوو، ئەوەندەی هەوڵی لەئیرادەخستن و تیرۆری ئەقڵییەتی سیاسیی کورد و لەخشتەبردنی ئەزموونە ساواکەی باشوور بوو، هەوڵی شەهیدکردنی کادێر و سەرکردە سیاسییەکان نەبوو. بێگومان هەوڵی سەرەکیی تیرۆریستان لاوازکردن و لەناوبردنی ئەو بزاڤە دیمۆکراسیخوازییەیە کەوا لە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 ەوە پراکتیزە کراوە و رۆژلەدوای رۆژ پتەوتر و شێلگیرانەتر جڵەوی کاروانەکەی گرتۆتە دەست و گەلی کوردستان بەرەو پێشکەوتن و مەدەنییەت ئەبات.

هەر ئەوەیە ئەبینین ئێستا قسە لەوە دەکرێت ئەزموونە دیمۆکراتیکەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە مۆدێلێك بۆ سەرانسەری ئێراق و لە هەموو شوێنەکاندا پیادە بکرێت. ئەمەش شتێك نییە نەیارانی کورد پێی قەڵس نەبن و لەئاستیدا بێدەنگ بن، ئەوان بەم راستیەشیان زانیوە کە ناتوانن لەناو جەماوەری کوردستاندا خاوەنی جۆرە پێگە و جێگایەك بن، هەر بۆیە تیرۆر و تۆقاندن بۆتە تاقە میکانیزمی ئەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامییە و هەموو دەستوورەکانیشیان لە "رێکخراوی قاعیدە" و خودی "ئوسامە بن لادەن"ەوە وەردەگرن کە بێگومان رێکخراو و ئایدیۆلۆژیایەکە زیاتر لەوەی لە خزمەتی بیری ئیسلامیدا بێت لە خزمەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدایە. بەڵگەی ئەمەش جیا لە ئایدیا دیارە عەرەبییەکان لە بەرنامەکانیاندا، بوونی ژمارەیەکی زۆری عەرەبە لەناو ریزی لقە کوردستانییەکەی ئەو رێکخراوەیەدا، واتە ئەنسارولئیسلام. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە گەرەنتیی دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی کورد دیاریکردنی چارەنووسیەتی لەلایەن خودی کوردەوە و لە چوارچێوەی پرۆسەی ریفراندۆمێکی سەرتاسەریدا لە هەرهەموو باشووری کوردستان، کە پێداویستیی سەرەکیی ئەم شتە لەئاستی یەکەمیدا یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمە لە زووترین کاتدا. بێگومان پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی گەورەترین گەرەنتییە بۆ نەهێشتنی دیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامی و رێگەگرتن لە زەبری فراوانتر بۆ ئەزموونەکەمان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێراق.

جارێکیتر پرسە و هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆمان بەبۆنەی ئەم رووداوە تیرۆریستییە دڕندانەیەوە ئاراستەی هەرهەموو جەماوەری باشوور و لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەت puk و pdk و بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدە سەربەرزانە دەکەین. هیواشمان وایە رووداوی لەم چەشنە ئیدی دووبارە نەبێتەوە.

**رۆشنبیران، هونەرمەندان و نووسەرانی شاری مەریوان**